**پێداویستیەکانی وەرگرتنی بەشەناوخۆیی: بەڵگەنامە سەرەتاییەکانی خوێندکار بۆ نیشتەجێ بوون لە بەشەناوخۆکان :**

**بەشەناوخۆیی بەو خوێندکارانە دەدرێت کە ڕێگایان دورە و ناتوانن هاتوچۆ بکەن ئەو گوند و ناحیانەی سەر بە قەزای ڕانیەن بەشە ناوخۆییان بە هیچ شێوەیەک پێنادرێت ، جگە لەو گوندە دورانەی کە سەیارەیان بۆ ناچێت .**

**١. پڕکردنەوەی فۆرمی ئیلکترۆنی : بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی ئیلکترۆنی [کلیک لەسەر ئەم لینکە بکە]، هەر هەڵەیەک یان زانیاری نا دروست لە فۆڕمەکەدا خوێندکار توشی لێپێچینەوەی یاسای دەگات .**

**٢. پشتگیری بەش: کەدەبێت ئەم زانیاریانەی تێدابێت:**

**١ .بەردەوامی لە خوێندن بۆ ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩). ٢. ئەنجامی ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ . ٣. جۆری وەرگیرانی لە زانکۆ {زانکۆ لاین ، پاراڵێل ،ڕاستەوخۆ ، ئێواران}.**

**٣. کۆپیەکی ڕەنگاوڕەنگی هەریەکە لە پێناسی باری کەسێتی (هویە الاحوال المدنیە العراقیە) + ڕەگەزنامەی عێراقی (شهادە الجنسیە) یان کارتی نیشتیمانی (البطاقە الوطنیە) + فۆڕمی خۆراک. کارتی زانیاری (کارتی نیشتەجێبوون).**

**٤. سێ وێنەی نوێ .**

**٥. دانی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەک بارمتە بۆ ئەوزیانانەی کە دەکەوێتەوە لە دەست خوێندکار لە کۆتای خوێندن ئەوەی دەمێنێتەوە بۆی دەگەڕێتەوە. بەبی ئەم پێداویستیانەی سەرە خوێندکار بەشەناوخۆیی پێنادرێت.**

**٦. بەڵگەنامانەکان دەخرێنە ناو زەرفێکی** ***A*** **٤ .**

**شێوازی دابەشکردن:**

**هۆبەی کوڕان: دابەش دەبێت بەسەر (٣) گروپ ، گروپی یەکەم { کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکان} گروپی دووەم {پەروەردەی بنەڕەتی} گروپی سێیەم { کۆلیژی پەرستاری ، کۆلیژی زانست ، کۆلیژی ئەندازیاری}. خوێندکاری هیچ گروپێک لە گروپێکی تر وەرناگیرێ. وە دابەشکردنی ژوورەکان بە شێوەی تیروپشک (قرعە) دەبێت.**

**(٣) خوێندکار لە یەک ژور دەبن لە کاتی دابەشکردن دەبێت هەرسێ خوێندکار ئامادەبن. بەو پێداویستیانەوە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە.**

**هۆبەی کچان: خوێندکاران شوێنی ساڵی ڕابردوویان پێدەدرێتەوە ، هیچ ژوورێک نابێت لە سێ (٣) خوێندکاری کەمتر تێدابێت، بە نسبەت ئەو خوێندکارانەی کە خوێندکاری قۆناغی چواریان لەگەڵدا بوون ، ئەگەر دووکەس لە ژوورێکدا مابوون ئەوا دەتوانن خۆیان خوێندکارێکی تر لەگەڵ خۆیان دابنێن یان خۆیان بچنە لای ئەو خوێندکارەی بە تەنیایە ، وە ئەو خوێندکارەشی کە بە تەنها ماوەتەوە دەتوانێت بە ئارەزوی خۆی لەگەڵ ئەو خوێندکارانە ڕێکبکەوێت کە دووکەسن و لە یەک ژووردان . ئەگەر بەو شێوەیە خۆیان ڕێک نەکەوتن ئەوا ئیدارە ژوورەکانیان لێوەردەگرێتەوەو خۆیان سێ (٣) سێ (٣) دابەشیان دەکەنەوە.**

**تێبینی:**

هۆبەی کچان لە هۆبەی کچان راستەوخۆ لە ڕێگای لیژنەیەک دابەشدەکرێتەوە، هەر خوێندکارێک مەرج و بەڵگەنامەکانی تەواو نەبێت بەشەناوخۆیی پێنادرێت.

هۆبەی کوڕان لە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان دابەشدەکرێت.